# له وه‌ڵام به هشام ئاكرێی ونوسه‌رانی ناسیونالیزم.

جبار محسن

له ووتارێكدا ئه‌م نوسه‌ره به‌ڕێزه‌ی ناسیۆنالیزم هێرشێكی توندی بێ بنه‌مای كردۆته سه‌ر منصور حكمت و حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاری ی عێراق و ئێران، كه من دڵنیام ئه‌گه‌ر له وڵاتی قانوندا بوایه به‌بێ ئاره‌ق لێی ده‌رنه‌ده‌چو، حه‌تمه‌ن ده‌بوایه باجی هه‌موو ئه‌و ئیتهاماتانه‌ی بدایه كه كردویه‌تیه سه‌ر منصور حكمت و ئه‌ندامانی هه‌ردوو حیزب، به‌ڵام ده‌زانێ قانون به‌ده‌ست ئه‌وانه‌یه كه تاوانی تابوری پێنجه‌میان ئه‌دایه پاڵ هه‌ر ده‌نگێكی ناڕازی و كۆمۆنیسته‌كان هه‌ر بۆیه ئه‌میش شانی لێ گیر كردووه وبێ حه‌دو حساب گه‌مه‌ی به ووشه كردووه، هه‌ربۆیه من نامه‌وێت وه‌ڵامی وتاره‌كه‌ی ئاكرێی بده‌مه‌وه كه هه‌موو شتێكه نه‌ك قسه‌ی سیاسی، دڵنیاشم له‌وه‌ی كه ئه‌و نوسینه‌كه‌ی منصورحكمتی نه‌خوێندۆته‌وه ده‌رباره‌ی میللەت و ناسیونالیزم، به‌ڵام سوێندی خواردوه كه ئه‌بێ شتێك له دژی كۆمۆنیزمی كرێكاری بنوسێ، ئه‌گینا نه‌ده‌كه‌وته هه‌ڵه‌ی به‌وجۆره كه‌باس له‌ده‌وری كۆمۆنیزمی كرێكاری بكات له‌ساڵه‌كانی حه‌فتاكاندا، حه‌ره‌كه‌یه‌ك كه له‌كۆتایی هه‌شتاكاندا سه‌ری هه‌ڵدا، وه‌یان له‌سه‌ره‌تادا به‌حساب دیفاع له‌چه‌پ بكه‌یت گوایه كۆمۆنیزمی كرێكاری هێرشی كردۆته سه‌ریان له‌ولاشه‌وه بكه‌ویته به‌شانوباڵ هه‌ڵدانی قازی محه‌مه‌دوته‌نانه‌ت تاڵه‌بانی و بارزانی‌وببیته ناسیۆنالیستێكی عه‌یار 24، له‌به‌رئه‌وه ئه‌م بابه‌ته‌ی من زیاتر وه‌ڵامه به ئه‌و ناسیۆنالیستانه‌ی كه ئاكرێی به‌هره‌ی لێ وه‌رگرتون.

ماوه‌یه‌كه ناسیۆنالیسته‌كانی كورد ئه‌م چه‌ند قسه‌یه‌یان به‌ده‌مه‌وه گرتووه:

1_كۆمۆنیسته‌كان لایه‌نگری ناسیۆنالیستی عه‌ره‌بو فارسن

2 _ كۆمۆنیسته‌كان دژی كوردنو نایانه‌وێت كێشه‌ی كورد چاره‌سه‌رببێت.

3 _ منصورحكمت خاوه‌نی هیچ بیروباوه‌ڕێكی ئه‌وتۆ نییه هه‌ر بۆیه به ئه‌ندامانی حیزبه‌كه‌شی ده‌ڵێن ده‌روێش‌و ڕێبازه‌كه‌شی دۆگماتیزم‌وشمولیه‌تو شتی له‌م بابه‌ته‌یه.

ده‌رباره‌ی خاڵی یه‌كه‌م:

له‌ڕاستیدا هیچ شتێك ئه‌وه‌نده‌ی ئه‌و قسه‌یه پوچوبێ مانا نییه، سه‌یر له‌وه‌دایه ئه‌م ناسیۆنالیزمی كورده ئه‌وه‌نده داماوه چوار نوسه‌ری بۆ په‌یدا نابێ بتوانن چوار قسه‌ی حسێبی بكه‌ن، چونكه بزووتنه‌وه‌یه‌كی ئه‌زمه‌گرتووه‌و ڕابه‌رانیان گه‌وره‌ترین شكستیان له مێژووی خۆیاندا تۆمار كردووه و هه‌رده‌مه‌و له‌ئاوازێك ئه‌خوێنن، نوسه‌ره‌كانیشیان شتێكیان بۆ نادۆزرێته‌وه كه هه‌م به‌ڵگه‌دار بێت هه‌م قسه‌كانیان شانی خۆیان نه‌گرێت‌و تۆزێك نه‌زه‌ری خه‌ڵك له‌سه‌ر عه‌یب‌وعاریان لابه‌رن. باشه كێ لایه‌نگری ناسیۆنالیستی عه‌ره‌ب‌وفارسه؟ئه‌وانه‌ی یه‌كێتیان ده‌ركرد له 31 ی ئابدا له هه‌ولێر به‌چه‌كو پاره‌ی به‌عس، ئه‌وانه‌ی پارتیان ده‌ركرد له سلێمانی له هه‌مان كاتدا به پاره‌و چه‌كی ئێران، یان كۆمۆنیسته‌كان؟شه‌ڕی په‌كه‌كه به‌پشتیوانی كێ كرا؟باره‌گاكانی حیزبی دیموكرات كێ بۆمبارانی كردنو كێ هێنانیه ناوچه‌كه؟پێش 11ی ئه‌یلولی 2001مه‌كته‌بی سیاسی كێ بوو ڕایگه‌یاند كه تاكه ڕێگا بۆ چاره‌سه‌ری كێشه‌ی كورد گه‌ڕانه‌وه‌یه بۆ به‌غدادو ووتوێژ له‌گه‌ڵ به‌عس؟ ئه‌وانه‌ش كێ بوون كه‌دژی ئه‌و به‌یانه كاریان ئه‌كردو له‌زیندان توونـد ئه‌كران؟وه‌ڵامی ئه‌م پرسیارانه بۆ خه‌ڵك خۆی جێ ده‌هێڵم. ئاخر ناكرێت خۆت ماڵت له شوشه بێت به‌ردیش بگریته خه‌ڵك! به‌ڵام ده‌رباره‌ی ئه‌م تۆمه‌ته كه ده‌یخه‌نه پاڵ كۆمۆنیسته‌كان چه‌ند ڕوونكردنه‌وه‌یه‌ك ئه‌ده‌م، ئه‌و تۆمه‌ته‌ی ئه‌وان له‌وه‌وه سه‌رچاوه‌ی گرتووه كه كۆمۆنیسته‌كان دژی ناسیۆنالیستی كوردن به‌ڵام له ڕاستیدا هه‌ر دژی ناسیۆنالیستی كورد نین به‌ڵكو دژی

ناسیۆنالیستن به گشتی جا چ عه‌ره‌ب بێت یا تورك یا. . . . . . . . . ئێمه دژی ئه‌وه‌ین كه ئینسانه‌كان سنوری گه‌وره گه‌وره له نێوانیاندا دروست بكرێت له‌ژێر ناوی قه‌ومیه‌تی جیاجیادا و به‌پێی ئه‌مه مافو ئه‌ركیان بۆ دیاری بكرێت، ئێمه به‌خاتری هیچ شتێك له داوای یه‌كسانی بۆ ئینسانه‌كان دانابه‌زین هه‌ر لێره‌شه‌وه دوژمنی خۆمانو مرۆڤایه‌تی دیاری ئه‌كه‌ین، جا هه‌ر حیزبو لایه‌نێك هه‌ر چه‌ند خاوه‌نی مێژووی دێرین و ڕووباری خوێنیش بێت ئه‌گه‌ر بۆ یه‌كسانیو ئازادی كۆمه‌ڵگه كارێكی نه‌كردبێت هیچ قیمه‌تێكی نییه، هه‌ر له‌به‌ر ئه‌م به‌ڵگه‌یه‌و تاوانێك كه ناسیۆنالیزم كردوویه‌تی به‌رامبه‌ر به‌شه‌ریه‌ت به شه‌رمه‌زاری بۆ

بەشەریەت لەقەڵەممان داوە. ئەمە بۆ هەموو ناسیۆنالیستێك وایە، ئیتر ئەگەر بەقەولی خۆیان ناسیۆنالیستی سەردەست بێت یان ژێردەست، ناسیۆنالیستی ئەم سەردەمە هەمووی هەر یەك شتە. هەر ناسیۆنالیستێکیش ئەتوانێ تۆمەتی ئەوەمان بخاتە پاڵ کە چوینەتە سەنگەری ئەو ناسیۆنالیستەی دژیەتی، ئەم سونەتە پیرۆزی خۆیان بێت. بەهەرحاڵ هەر کەسێکیش بیەوێت ئاشنایەتی تەواوی دەربارەی ڕوانگەی ئێمە هەبێت دەتوانێ بەحسەکەی منصور حکمت لەسەر میللەتو ناسیۆنالیزم بخوێنێتەوە. .

دەربارەی خاڵی دووەم:

عادەتی ناسیۆنالیزم ئەوەیە خۆی ئەکات بە نوێنەرو کوێخای هەموو خەڵك نەك هەر ئەمەش خۆیوخەڵك ئەکات بە یەك شتی لێك جیا نەکراوە، لە ئیمپراتۆریەتی ناسیۆنالیزمدا هیچ کەس ناتوانێ بێ هەویەی قەومی بێت، هیچ کەس ئینسان نییە هەموو کەس بەشێکە لە قەوم قەومیش ئەو شتەیە کە خۆیان تەعریفی ئەکەنو واجباتومافیان بۆ داناوە، ئیتر ئەبێ بچیتە ئەو شەڕانەی بۆ میللەتیان ڕیز کردووە مافیش هەر ئەو مافەیە کە بۆیان دیاری کردویت. بەهەر حاڵ مەبەستی من لەم قسانە ئەوەیە کە هەر لەبەر ئەم خەسڵەتەیە کە دژایەتی کۆمۆنیستەکان بۆ ناسیۆنالیستی کورد بە دژایەتی هەموو کورد لەقەڵەم ئەدەن، بەڵام لەڕاستیدا دژایەتی ئێمە بۆ ناسیۆنالیستەکان تەنانەت دژایەتی ئەندامانو شەخسیاتی ناسیۆنالیستیش نییە بەڵکو دژایەتی سیاسەتی ناسیۆنالیزمە.

لەوەتەی ڕژێمی بەعس ڕوخاوە ناسیۆنالیستی کورد ئەو قسەیە زۆر دووبارە دەکەنەوە کە ئێمە نامانەوێت کێشەی کورد چارەسەر بێت هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی:

1ـ کۆمۆنیزمی کرێکاری لە عێراق بەهێز بووە و ئەمانیش نارەحەتن کە خەصمێکی خۆیان بەم جۆرەی لێ بێت.

2ـ ڕەخنەی توندو سیاسی ئێمە لە سیاسەتو تەرحی ئەوان کە بۆ شێوەی دەسەڵات لە عێراق خستویانەتە ڕوو، وە ئەمەش کاریگەری داناوە، وە ئەمەش بە دژایەتی چارەسەری کێشەی کورد لەقەڵەم ئەدەن.

3ـ ماوەیەکە ئێمە زۆر کەم باسی ڕیفراندۆم بۆ خەڵکی کوردستان ئەکەین کە تیایدا بڕیار لەسەر چەرەنوسی خۆیان بدەن.

هەر وەکو ووتم دژایەتی ناسیۆنالیزم دژایەتی خەڵك نییە، کە وایە دژایەتی سیاسەتیشیان دژایەتی چارەسەری کێشەی کورد نییە. ئەوان زیاتر لە نیو قەرنە نەك نەیانتوانیوە کێشەی کورد چارەسەر بکەن بەڵکو قووڵ ترو بەئازار تریشیان کردووە، ئەمە زۆر بە ئاگاپانەش کراوە. سەرکردەکانی ناسیۆنالیستی کورد زۆر باش دەزانن کە ڕژێمی ئێرانو تورکیاوعێراقی پێشو و (بوشی باوك!!!!!) کێیە بەڵام بۆیان گرنگ نییەو دەست ئەخەنە ناو دەستیان گرنگ ئەوەیە ئەمرۆ نانێکی لێ بخۆن ئینجا خەڵك چەند زەرەری لێ ئەکات گرنگ نییە، ئەوەتا سەرئەنجامی سیاسەتیان بە ڕەنگو ڕووی کرێکارو ژنو. . . . . . . . هتد ەوە دیارە. لە ڕاستیدا ستەمی میللی سەرچاوەکەی ناسیۆنالیزمی عەرەبە لەعێراقوڕێگری بەردەم چارەسەرەکەشی ناسیۆنالیزمی کوردە نەك کۆمۆنیزمی کرێکاری. هۆی ئەوەش کە ئێمە ئێستا کەمتر باسی ڕیفراندۆم ئەکەین هی ئەوەیە کە بەڕای من ستەمی میللی سەر کورد زمانی عێراق گۆڕاوە بۆ کاریگەری ستەمێك کە پێشتر هەبووە، بەمانایەك گۆڕاوە بۆ کێشەی ئەوانەی دەیانەوێت بگەڕێنەوە بۆ شوێنە داگیر کراوەکانیانو ئاوارە کراون، وە هەروەها کێشەی ژنانی ئەنفالەکانو ئەوانەی فرۆشراون بە میسرو وڵاتانی خەلیجو مەسیری نادیارەکانو. . . . . . . . . . . . چارەسەری ئەمانەش هیچ پەیوەندیەکی بە ڕیفراندۆمەوە نییە. ڕیفراندۆم بۆ چارەسەری کێشەیەکی سیاسی دانراوە بەڵام ئەو کێشانەی باسم کرد لە بەردەم قانونو قەزادا ڕاوەستاوە وەکو باقی کێشە قەزاییەکانی تر.

دەربارەی خاڵی سێیەم:

ڕەخنە گرتن لە شەخسیەتو ڕێبازی منصورحکمت کارێکی ئاسان نییە، ئەمە هۆیەکی سەرەکی ئەوەیە کە نوسەرانو قسەکەرانی ناسیۆنالیزم دەکەونە جنێودانو قسەی بێ مانا چونکە ناتوانن ڕەخنە بگرن. ئەڵبەتە منصورحکمتیش هەر وەکو هەموو کەسێك شایەنی ڕەخنەیە، منصور نە ئەللەومحمدەکەی ئیسلامەو نە بارزانیوتاڵەبانیو ئوچەلانی ناسیۆنالیستی کوردە کەس نەتوانێ لەبەرامبەریدا شتێك بڵێ بەڵام ڕەخنە لە منصور وەك ڕەخنە گرتن لە مارکس وایە. کەسێك بیەوێت ڕەخنە لە مارکس بگرێت ئەبێ ڕەخنە لە مانیفێستی کۆمۆنیست و لە شۆڕشێك بگرێت کە لەسەر پایەی تیۆری ئەو لە ڕوسیا بەرپاکرا،

ڕەخنە لە مێژوویەك لەخەباتی چینی کرێکارو ئامانجە ئینسانیەکان بگرێت و ئامانجێك کە مارکس خستیە بەردەمیان. بەهەمان شێوە ڕەخنە لە منصور یانی ڕەخنە لە بەرنامەی دنیایەکی باشتر، یانی ڕەخنە لە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، یانی ڕەخنە لە جەسارەتو خەباتو تێکۆشانی ڕێکخراوەکانی ژنان و بێ کاران‌و لاوان‌و منالان‌وپەنابەران‌و. . . هتدو دەورێك کە هەیان بووە لە دیفاع کردن لە خەڵك، یانی ڕەخنە لە خەبات لە دژی کۆنەپەرستی‌وئیسلام‌و ڕاسیزم‌و ناسیۆنالیزم و دەوری ئاژاوەگێڕی ئەم بزووتنەوانە لە کۆمەڵگادا، یانی ڕەخنە لە پەرچەم‌و قیەم‌و ئاسۆو ئامانجە ئینسانیەکان کە منصور کردویەتییە سونەت‌وئاسۆی بزووتنەوەیەکی گەورەی کۆمەڵایەتی. هەر بۆیە ڕەخنە گرتن لە منصور بەباری سلبیدا ڕێك مانای چونە ناو بەرەی دژی ئینسانیەتەوەیە. ئەم ڕابەرە بێجگە لە قەڵەم‌وبیروباوەڕەکەی خاوەنی هیچی تر نەبووە نە گۆچان بەدەست بووە بیوەشێنێ نە لیژنەی ئیختیالاتی هەبوە موخالیفانی خۆی پێلەناو بەرێت ئەوانەی باس لە دەروێش بوونیش دەکەن با بچن لەوە بکۆڵنەوە کە بۆچی ڕابەری گۆچان بەدەست‌و لیژنەی ئیختیالات دەپەرستن، بۆچی لە مەملەکەتی ناسیۆنالیزمدا زیندان‌و ئەشکەنجەخانەکان دانراون بۆ موخالیفانی سیاسیان، ئینجا با فامێك بەبەر خۆیاندا بهێننەوەو ئەوەندە باسی شمولیەت‌و. . . نەکەن.

بەهەر حاڵ ناسیۆنالیزم بە عەرەب‌و کوردیەوە تەجروبەی خۆیان کردووە خەڵکیش ئەوەندە ژیرن کە لەسەر ئەو مێژووەی تۆماریان کردووە حسابیان بۆ بکات، کۆمۆنیزمی کرێکاریش خاوەنی مێژووی خۆیەتی و هەر ئەو مێژووەش ناسنامەیەتی. بەڕای من ناسیۆنالیزم دەوری بەسەر چووە و دەبێ کۆتاییان پێ بهێنرێت هەتا تاوانی گەورە تریان نەخوڵقاندوە ئەمەش ئەرکی هەر ئەمڕۆی کۆمۆنیزمی کرێکارییە.

18-7-2003

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی حاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.